کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-7-2007 23:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**گەڕانەوە ... هێرۆ مەولوودی**



بە کۆتایی کاتەکان گەیشتووم
لەم کۆتایی یە
نە تۆم دیت
نە باران، نە بایەك
تۆزی سەر شیعرەکانم پاك کاتەوە.
لەم ڕۆژانەدا
بە دڵۆپێك فرمێسك
تا ئەو پەڕی شەقامە بریندارەکان
دەچین و ناگەڕێینەوە.
پێنوسم چاوەڕێیە
چاوەڕێی گەڕانەوەی تۆیە.
ڕۆژێك دێت،
دێی و بێدەنگی شێعرەکانم
بە پرتۆکێك بشکێنی.
لە ژێر نمەی باراندا
بێ دەنگی خەڵوزاوی کاتەکان دەشکێنین و
لەسەر سینگی دیواری ئەم شارە بێدەنگە
بە ئەنگووستی ماندوو دەنووسین...
شەوگەڕانی شار باش دەزانن
چاوی ئەم وشانەی سەر دیوار پڕن لە گریان.
تۆ نەهاتی
نەهاتی، کۆتایی بێنین بەم وشانە.
دەزانم
باران ببارێ
چاوێکی چاوەڕوان
لە دووی دەستێکی تەنیا دەگەڕێ
_کە دەستی شێعرن_
دەزانم
ڕۆژێك بە بیانووی باران
دەگەڕێیتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.